یانەکانی دهۆک و زاخۆ بۆ یەکلاکردنەوەی جامی عێراق روو‌بەرووی یەکتر دەبنەوە

دەربیی بادینان ئەم ئێوارەیە، لە یاریگەی شەعبی بەغدا و لەپێناو بەرزکردنەوەی جامی عێراق دەکرێت، دهۆک و زاخۆ لە یاریی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە بەیەک دەگەن و بۆ یەکەم جار لە مێژوودا یانەیەکی کورد جامەکە بەرز دەکاتەوە.

ئەمە هەینی ١٨ـی تەممووزی ٢٠٢٥، کاتژمێر هەشتی شەو بەکاتی هەولێر، هەردوو یانەی دهۆک و زاخۆ لە بەغدا لە یاریی کۆتایی جامی عێراقدا روو‌بەرووی یەکتر دەبنەوە.

یاریەکە لە یاریگای شەعب لە بەغدا بەڕێوەدەچێت، جگە لەوەش دەبێتە یەکەم جار لە مێژوودا یانەیەکی کوردی ببێتە پاڵەوانی ئەو جامە لەو کاتەوەی لە وەرزی ١٩٧٥ بۆ ١٩٧٦ پاڵەوانێتییەکە دەستپێکردووە.

یانەی زاخۆ لە قۆناغی پێش کۆتاییدا توانی بە لێدانە یەکلاکەرەوەکان لە یانەی شوێتە ببا‌تەوە، بەو ئەنجامەش گەیشتنی بە یاریی کۆتایی مسۆگەر کرد.

لەبەرامبەردا، یانەی دهۆکیش لەو قۆناغەدا بە ئەنجامی سێ گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک بردنەوەی بەسەر یانەی قوڕ جوێ بەدەستهێنا و گەیشتە یاریی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە.